# شێرکۆ بێکەس..

## لەمۆدێنیزمەوە تاکو پۆست مۆدێرنیزم

**دیداری گۆڤاری (گوڵستانە بەزمانی فارسی لەگەڵ شێرکۆ بێکەس)**



خوێندنەوەی شیعرەکانی شێرکۆ لە (تریفەی هەڵبەست)ەوە تاکو (سرودە بەردینەکان) کە لە2005دا بڵاوکرایەوە نیشانەی رەوتی روو لەهەڵکشانی توانستی شیعریی ئەو شاعیرە مەزنەیە. بە پێچەوانەی زۆرێك لە ڕەخنەگرەکانی، شێرکۆ نەك پاش دەربەندی پەپوولە رووی لە کزی نەکردووە، بەڵکو لەسرودە بەردینەکاندا کە لەچوارچێوەی پۆست مۆدێرندا نوسراون، بەیەکێك لە کۆمەڵە شیعرییە سەرکەوتووەکانی شێرکۆی دەزانم، هەروەك لە پێشەکیی وەرگێڕدراوە فارسییەکەیدا نوسیومە، شایانی ئەوەیە کە لەگەڵ (کۆمیدیای ئیلاهی-ی دانتی)دا بەراورد بکرێت. شێرکۆ توانیویەتی بە خوێندنەوەی مێژوو و ئەدەبیاتی کلاسیکی وڵاتەکەیو جیهانو پاش چوار دەیە شیعرگوتن لەسەر شێوازی مۆدێرن، لە ئێستادا بە وشیاریی تەواوە پێیناوەتە پانتاییەکانی پۆست مۆدێرنو شاکارێکی دیکەی جیهانی ئافراندووە. هەڵبەت دەتوانرێت لە شیعرە پێشووەکانیدا هەندێك رەنگو بۆنی پۆست مۆدێرنیزم ببینینەوە، بەڵام دەبێت سرودە بەردینەکانی بە یەکەمین کۆمەڵە شیعری پۆست مۆدێرن بزانین، چونکە زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی پۆست مۆدێرنی لەخۆیدا جێکردۆتەوە.

***شێرکۆ دەربارەی ژیانی خۆی چیمان بۆ دەڵێت؟**

-دەبێت بگەڕێمەوە بۆ یەکەمین چاوگە شیعرییەکانم، بۆ ئەو ئاوەی کە یەکەمجار شەونمی شیعری تکاندە سەر زمانم.. یان دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ژێر ئەو بنمیچەی کە یەکەمین خەونی شیعرم تێدا بینیوە.. ئاشکرایە کە فایەق بێکەسی باوکم سەرچاوەو هەمان چراو خەونە.

بەڵام ئەو چرایە لە ژیانی مندا زۆر زوو کوژایەوە، ئیدی پاش ئەو کوژانەوەیە خێرا پرسیارێکی هەمیشەی وەك هەورە بروسکە کەوتە ناو زەینمەوەو بەتوندی هەژاندمی.. پرسیاری مەرگو ژیان.. مەرگ چییەو چما باوکم مرد؟ هەر ئەو بەڵایە بووە هۆی ئەوەی کە لە منداڵیمدا بەخێرایی گەشە بکەم، چونکە لەو کاتەدا لە سەرەتای تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەرمدا بوومو تەمەنم لە حەوت ساڵیدا بوو. ئاسمانە بچکۆلانەکەی منداڵی توانای جێبوونەوەی هەموو شتێکی تێدا نییە. هەڵسوکەوتەکانی باوکم لەیادە، بەڵام کەمتر قسەکانیم بەیاد دێتەوە. لە یەکێك لە بەرەبەیانە ساردەکانی هەڵەبجەدا لە ناکاو خۆی پێچایەوەو تەنهای کردین. لەو کاتەدا هێشتا تازە بەتازە فێری ئەلف-با ئەبووم، ئیدی پاش ئەوە منداڵیی من بوو بە پەڕەسێلکەیەکی غەمناكو تەنها لە پەنجەرەی رەنگی رەشی کراسەکەی دایکمەوە جیهانم دەبینی!!

***رەوتی داهێنانی ئەدەبی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا چۆن دەستپێدەکاتو بەچ رێگایەك درێژە بەخۆی دەدات؟**

-لەچاپی یەکەم کۆمەڵە شیعرمەوە کە لە1968دا چاپکراوە، تاکو ئێستا زیاد لە بیست (20) کۆمەڵە شیعرم بڵاوکردۆتەوە. بێگومان ئەزموونو هەوڵدان، هەورازو نشێوی ئەم ساڵە دوورو درێژانە، هەروەك خودی ژیان بوونەتە هۆی هەمەچەشنو جۆراوجۆربوونی شیعرەکانم. ژیانم تێکەڵ بەشیعر بووە، بەشێوەیەکی هەمەکی هونەرمەند یان شاعیر بەلەکڵ دەرهاتنی لە ئەزموونە بابەتیو خۆییەکاندا گەوهەری خۆی دەدۆزێتەوە. ئەگەر هونەرمەند زەوقی نەبێت خێرا کۆتایی پێدێت، چونکە زەوقی هونەری بنەمای کارو داهێنانی هونەرمەندە. شاعیربوون عەشقکردنە لەگەڵ پەیامێکدا کە هەم بۆی دەژیتو هەم بۆی دەمرێت. دیوانە شیعرییەکان ئاوێنەی سەر رێگان.. گەورەو بچوك، کورتو بڵندو لێڵو روون.. ماسییەکانی نێو ئەم رووبارە لەجوانیو بەخشندەییو تەمەندرێژیدا وەك یەك نین. سووتانو بڵێسەی ساتە عاشقەکان هەمیشە وەك یەك نین. شیعر تەنها یەك فۆرمو یەك شوێنو یەك نیشتمانی نییە.. بیروڕای خەڵکانی دیکە لەسەر شیعرەکانی یەك شاعیر وەك یەك نین. من بۆ خۆم هەوڵمداوە کە لەیەك باخچەی شیعردا سنوردار نەمێنمەوەو نەچمە بازنەی جیهانەوە، کە من لەخۆیدا دووپات بکاتەوە، بەڵکو هەوڵمداوە هەمیشە ئاوازەکانم بگۆڕمو خواستومە شیعرەکانم هەمیشە وەك ئاو و لە جوڵەدا بنو لە شوێنێکدا نەوەستنو نەبن بە زۆنگاو. شیعر سەفەری هەمیشەی شاعیرە بە دەروونو دەرەوەی خۆیدا. سەفەر بۆ شاعیر یان شاعیری موسافیر زمانو ئەزموونە. شیعر گەڕانی بەردەوامە بۆ ئەو خەونو پرسیارانە کە قەت کۆتاییان نییە. هیچ شتێك نییە کە لەدەرەوەی بازنەو سنورەکانی مێژوودا بێت. من شاعیرێکی ئەبستراکتی رووت نیم، بەڵکو شاعیری چەرخی خۆمم، کە دەبێت هەم شایەتبمو هەم قوربانی. من خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لەهەر رووداوێك کە لە نیشتمانەکەم یان هەر شوێنێکی جیهاندا رووبدات. ئەو شاعیرەی کە لەبەرانبەر تاوانو کارەساتەکاندا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت پێش هەر شتێك شیعر دەکوژێتو لەدواییدا مەرگی خۆی رادەگەیەنێت. ئەوەیە کە لەڕوانگەی منەوە شیعر هەم هونەرەو هەم پەیام.. وتەی جوانو رامانی مرۆڤ وێستانەیە. شاعیر واتە دەنگ.. دەنگی راستیو جوانی.

***پێگەی شیعری هاوچەرخی کوردی لە ئەدەبیاتی جیهاندا چۆن هەڵئەسەنگێنیت؟**

–هەموو ئاوەکان بۆ خواردنەوە نابن‌و زۆڵاڵ نین، هەر نووسینێك کە بەناوی شیعرەوە بڵاودەبێتەوە مەرج نییە شیعر بێت، ئەمڕۆش وەکو دوێنێ ژمارەی شاعیرەکان زۆرە، بەڵام هەمیشە چەند دانەیەکیان، کە بەڕاستی شاعیربوون دەمێننەوە. بێگومان شیعری جوان دەتوانێت بەبێ پەسەندکردنی خاوەن بیروڕا یان رەخنەگران جوانیی خۆی پێشکەش بکات‌و لە دڵەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە.. بەکورتی هەڵبژاردەی شیعری هاوچەرخی کوردی گوڵێکی بۆنخۆشە لە گوڵزاری شیعری هاوچەرخی جیهاندا.

***بەشێك لەشیعری کوردی وەك شیعری کۆچ ناودەبرێت، راتان لەمبارەیەوە چییە؟**

–شیعری کوردی لەدەرەوەی سنورەکانی کوردستان، هەر درێژەی شیعری ناوخۆی کوردستانەو تەنها شوێنی جوگرافیی گۆڕاوە، یان لەمانایەکی دیکەدا دیاردەیەکی شیعریی ئەوتۆ پێکنەهاتووە کە تایبەت بێت بە شیعر لەدەرەوەی کوردستان. هەندێکجار لەهەندێك شیعردا ئاماژەیەك بەناوی شارو کۆڵان‌و شەقامەکانی وڵاتێکی دەرەکیدا کراوە، جگە لەوە هێشتا شیعری کوردی تێکەڵ‌و پابەندی سنوری جوگرافییە ناوخۆییەکانیەتی.

***ئایا کاریگەریی شاعیرانی دیکە لەشیعرەکانتا دەبینرێن؟**

–لەودیوو زەینی هەر شاعیرێکدا تروسکایی جۆراوجۆر بوونی هەیە. شاعیر وەك زەوی دەبەخشێت‌و وەردەگرێت. من بۆ خۆم سوود لە ئەزموونی شیعریی شاعیرانی جیهان وەردەگرم، بەڵام کاریگەریی شاعیرێکی تایبەتم لەسەر نییە. هەموو ئەو شیعرو چیرۆك‌و نمایشنامانەی کە تاکو ئێستا خوێندوومنەتەوە لەئاست خۆیاندا کاریگەرییان لەسەرم دروستکردووە. خوێندنەوەی من لەبواری رۆماندا زۆر زیاترە لە خوێندنەوەی شیعر، هەر لەم رووەوەیە کە مۆری ئەدەبی چیرۆك (رۆمان) بە ناوچاوانی شیعرەکانمەوە دیارن، شیعرەکانم لە نێوان شیعرو پەخشان، راستی‌و خەوندا لەجوڵەدان، هەروەك ئاماژەم پێکرد لەسەرەتادا کەوتبووومە ژێر کاریگەریی گۆران‌و هەردی‌و زۆری پێچوو تاکو دەست‌و پەنجەو خەونی سەربەخۆیی شاعیرانەی خۆم بدۆزمەوە.

***تا چەند لە هەوڵ‌و ئەزموونە شیعرییەکانی (شاملۆ) بەئاگایت؟**

–من زۆر ئاشنای زمان‌و ئەدەبیاتی فارسی نیم، هەر بۆیە ناتوانم وەك پێویست دەربارەی هەوڵ‌و ئەزموونە مەزنەکانی شاملۆ بدوێم. شاملۆ دەریای بێکۆتایی شیعری فارسییە. بۆ یەکەمجار لە ستۆکهۆڵم چاوم پێیکەوت، کە لەگەڵ (ئایدا)ی هاوسەریدا هاتبووون بۆ سوید. شاملۆ لە هۆڵی نەتەوەیی ستۆکهۆڵمدا شیعری بۆ شەیدایانی فارس، کوردو ئازەری دەخوێندەوە. حەسەنی قازی منی بەو ناساند ئیدی پێکەوە دانیشتین‌و چەند وێنەیەکی یادگاریمان گرت. پاشان چەند جارێك لەتاران‌و لە ماڵەکەیاندا دەربارەی شیعر، هونەرو ئەدەبیاتی کوردی وتووێژمان کردووە.. جارێکی دیکە لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگ قوتبەدین سادقی چاوم بە شاملۆ کەوت. پێش مەرگی رۆژێك رۆشتم سەردانم کرد. لەو کاتەدا قاچەکانی لەجوڵە کەوتبوون. لەو رۆژەدا (ئایدا)ی هاوسەری پێی گوتم: (تۆ قەت نەگۆڕاوی، هێشتا وەك دە، دوانزە ساڵ پێش ئێستا ماویتەتەوە..). شاملۆ حەزی لە شیعرەکانم دەکرد. هەر لەهەمان ساڵی88–1989دا بوو، کە شاملۆ لەسەفەرێکدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و لە شاری (سانفرانسیسکۆ)دا بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد هەستابوو و بەدەنگی خۆی شیعری چەند شاعیرێك‌و یەك لەوانە شیعری منی خوێندیەوە. وەك ئەوەی بیستوومە ئەو کۆڕە بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە رێکخرابوو.

دیداری: رەزا کەریم مجاور–گۆڤاری گوڵستانە– ژ. (73)

وەرگێڕانی بۆ کوردی: رەزا مەنوچەهری

# بەرهەمی ژنە رۆمانනوسە ئێرانییەکان پڕفرۆشترین رۆمانن



لە دەیەی رابوردوودا ئەو رۆمانانەی کە لەلایەن ژنانەوە نوسراون، پێڕستی پڕفرۆشترینیان بۆ خۆیان بردووەو ئەمەش گەشەسەندنو پێشکەوتنێکی بێ پێشینەیە، کە لەدوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا رویداوە.

نیویۆرک تایمز لەڕاپۆرتێکدا کە ئاوڕی لە ڕەخنە داوەتە لەزەمینەی رۆماننوسی ئێراندا، لەم راپۆرتەدا نوسەر لەهەوڵی ئەوەدایە کە هەلومەرجی نوسینی ژنانو پیاوانی نوسەری پاش کودەتا شرۆڤە بکاتو ئاوڕ لەپێگەی بەراوردی نێوان سەرکەوتنەکانی شێوەکانی نووسینی ژنان بداتەوە لەم هەلوومەرجەی دواییدا. بەوتەی حەسەنی میری برینی، لێکۆڵەری ئەدەبیاتی ئێرانی، ژمارەی ئەو ژنە ئێرانییانەی کە تا ئێستا دەستیان داوەتە چاپو بڵاوکردنەوەی رۆمان دەچنە نزیکەی 370ژنو ئەم ژمارەیەش 13جار بەرامبەری ئەو ژمارەین لەڕابوردووداو یەکسانە بەژمارەی پیاوانی نوسەر لەحاڵی حازردا، بەڵام کتێبەکانی ژنان تا هەنوکە زۆر پڕ فرۆشتربووە لە بەرهەمی پیاوان.

هەندێك لە ڕەخنەگران هۆکاری ئەم کارە دەگەڕێننەوە بۆ سادەنووسی لەبەرهەمی ژنانداو سودوەرگرتن لە ڕەوشێك کە دەزانن راستەوخۆ خوێنەر دەدوێنێت، هەروەها بەزۆریش ئاوڕ لە بابەتێکی وەك رۆنتیکی دەدەنەوە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا، کە هەندێکجار رەهەندێکی یاساغکراوی هەبووە، سەرەنجام لە هەلومەرجێکدا کە نێوەندی تیراژی کتێبی رۆمان لەئێراندا 5هەزار دانەیە، ئەو کتێبانەی کە لەلایەن ژنانەوە نوسراون دەگەنە نزیکەی تیراژی 100 هەزار دانە.

(مەجیدی ئیسلامی) رەخنەگرو سەرنوسەری گۆڤاری ئەدەبیو هونەری (هفت)، لەم زەمینەیەدا باوەڕی وایە، (نوسەرانی ژنی ئێران نەك تەنها لەئەدەبیاتی ئێراندا رۆڵی پێشەنگیان هەبووە، بەڵکو دیدو تێڕوانینی گشتیی کۆمەڵگاشیان سەبارەت بەخۆیان وەك ژنی نوسەر دوچاری گۆڕانکاری کرد)، هەروەها

وتـــی: (رۆژگاریَـــك بـــوو كـــە نوســـەرانی ژن لەكۆمەڵگـــەدا بـــە كەســـانێكی تایبـــەت ســـەیر دەكران، بەڵام ئەمڕۆ ئەمەی كە نوسەرێك یاخود نۆڤلێتنووسێك بە بەهایەك دادەنرێت، لەڕاستیدا ئـەمجۆرە ژنانـە لای خوێنـەرەكانیان گـۆڕاون بـۆ ئەســتێرە، لەهەمانكاتــدا ژنــانی رۆماننوســی ئێرانـی بـە بـەراورد بـە پیـاوانی رۆماننوسـی ئێرانـــی، دوچـــاری كۆمـــەڵێك ســـنورداریێتیی كۆمەڵایـــەتی و ســـونەتیی زیـــاترن و هـــەر لەبنەڕەتـەوە سـونەتە كۆمەڵایەتییـەكانی ئـەم بابەتـەی پـێ قـەبوڵ نییـە، كـە ژنـان هەسـتی بـە گۆڕان و شیكردنی هەست و ئارەزووە كەسی و دەروونییـــەكانی خۆیـــان، لـــەماوەی ســـاڵەكانی 1930 تــا 1960زایینــی تــەنها نزیكــەی 12 نوسەرو رۆماننوسی ژنی ئێرانی چاكیان هەبوو، كـــە زۆرێكیـــان ســـودیان لـــەناوی خـــوازراو وەردەگرت، ژنانی نوسەر لەم قۆناغەدا هەموو هـەوڵ و هێـزی خۆیـان لەسـەر مەسـەلەو مافـە بنەڕەتییە كۆمەڵایەتییەكانی وەك مافی دەنگدان لەهەڵبژاردنەكاندا، كۆدەكردەوە.

لـەماوەی ساڵەكانی 1970دا بـە زۆربـوونی ژمـــارەی ژنـــانی خـــاوەن بڕوانامـــەی زانكـــۆ بەهرەمەنـدبوون لـە سـەربەخۆیی دارایـی، ژنـان رۆژ لـــەدوای رۆژ رویـــان لـــەكاركردن دەكـــرد لەدەرەوەی ماڵەوە.

ســاڵەكانی 1979 جۆرێــك وەرگــەڕان لــە هەلومەرجی ژنانی رۆژئاوادا بووە هـۆی ئـەوەی كـــە ژمارەیـــەكی زیـــاتری ژنـــان رووبكەنـــە كاروچـــالاكیی نـــاحكومی، وەك وانەوتنـــەوەی تایبـــەتی و كـاری سـەربەخۆو نووسـین یـاخود وەرگێڕان.

لەلایـەكی دیكـەوە ئـەو ژنانـەی كـە بیرێكـی كولتـــوری دیكـــەیان هـــەبوو یـــاخود بـــەهۆی ســـنورداریێتییەكانی خێزانـــەوە نەیانـــدەتوانی لـــەدەرەوەی ماڵـــەوە چـــالاكی بنـــوێنن، بـــە ئەنگێزەی بەرپرسیاریێتیی كۆمەڵایەتی لەفەزای نـوێ و مەزهـەبی پـاش كودەتـا، هانـدران بـۆ چالاكییە كۆمەڵایەتییـەكانی دەرەوەی ماڵـەوە، لەگـــەڵ روودانـــی جـــەنگی ئێـــران-عـــێراق و نادیـــاریی پیـــاوان لـــە ماڵـــەوە بـــەهۆی ئامادەبوونیـان لـە بـەرەكانی جەنگـدا، حـەزی ژنـان بـۆ كـۆنترۆڵكردنی كاروبارەكـانی ژیـانی خۆی زۆرتر بوو.

(گلی ئیمامی) نوسـەری ئێرانـی لـەوبارەوە دەڵێــت: (رووداوی كودەتــا، ژنــانی ئێرانــی ناچـاركرد تـاوەكو بەپێـچەوانەی تێڕوانینـە هەڵـچووەكانی رابـوردووەوە رووبكەنـە چـالاكی لـەدەرەوەی ماڵـەوەو دەستخستنی دەرامـەت و بـەڕێوەبردنی ژیـانی خـۆی، بـەجۆرێك كـە سـەرەنجام پـاش كۆتایهـاتنی جـەنگ ئـەوان هانـــدران تـــاوەكو هەســـتن بـــە نووســـینەوەی ئەزموون و رووداوەكانی ژیانی خۆیان).

یەكـەمین رۆمانـە پڕفرۆشـەكانی ژنـان لـەم قۆناغـەدا كتێبی (بامـداد خمـار)ە، لەنووسـینی (فەتانەی حاجی سەید جەوادی)یە، كە لەساڵی 1998دا بڵاوكراوەتـەوە، رووداوەكـانی ئـەم رۆمانـــە پەیوەســـتە بـــە ســـاڵەكانی 1940ی زایینییـەوەو چـیرۆكی ژنێكـی ئێرانییـە، كـە بـەهۆی شـوكردن بـە دارتاشێكەوەـ لـەدژی بنەماڵەی ئەشرافی خۆیەوە بڕیار دەدات، بەڵام پاش شوكردن بەهۆی توندوتیژیی پیاوەكەوە لەپیاوەكـە جیادەبێتـەوە- هـەنگاوێك كـە لـەو سـەردەمەدا بـە نـاڕێوڕەسمی و رادیكاڵیانـە دادەنرێـت و پاشـان شـودەكات بـە كەسـێكی دیكە، زۆرتر باسەكانی پەیوەست بە ژنان لەم رۆمانانــەدا، دەربــارەی هەلومــەرجی ژیـــان، چەندین مەسەلەو كەسایەتیە كە دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی گشتیی ژنان لەئێراندا.

فەریبا وەفی 43 ساڵە نموونەیە لەم دەستەیە، رۆمانەکەی ئەو بەناوی (باڵداری من) تا هەنوکە سەرکەوتنی لە بەدەستهێنانی سێ خەڵاتی گەورەی رۆماننوسیی ئێرانی لەساڵی 2003دا بەدەستهێناوە، ئەو هەرگیز نەڕۆشتووەتە زانکۆوە، بەڵام سەردەمێك کە کچێکی لاوبووە هەر دوو مانگ جارێك بۆ ماوەیەکی درێژ لە تەبریزی شوێنی لەدایکبوونییەوە چووە بۆ تاران تاوەکو هەم کتێب بکڕێتو هەم رۆمانەکانی خۆی بخاتە بەردەستی مامۆستایەکی ئەدەبیات، بەڵام زەماوەندو منداڵبون، بووە هۆی دواخستنی بەرنامەکانی وەك رۆماننوسێك (هاوسەرەکەم هەرگیز ئامادەی ئەوە نەبوو رۆماننوسین وەك پیشەیەکی جدی قەبوڵبکات، جا لەم رووەوە هەمیشە لەنێوان ئێمەدا گفتوگۆ لەئارادا بوو) وەك ئەوەی کە خۆی دەیڵێت زۆربەی رۆمانەکانی خۆی لە ئاپارتمانە بچوکەکەیداو لە کاتێکدا نوسیبوو کە منداڵەکەی لەقوتابخانە بووە.

رۆحیاتی ئەو لە ساڵەکانی دوای کودەتا، کە قۆناغێکی فێرکاریی سەربازیی بەسەر دەبرد، لە کەسایەتیی سەرەکیی رۆمانەکەی ئەودا بەناوی (ترلان) کورتکراوەتەوە، کە لەڕاستیدا راڤەی حاڵی ژنانێکە کە بەهۆی هەژاریی خێزانەوە پەنایان بردووەتە بەر ژینگە گەلێکی توندوتیژی وەك قوتابخانەی سەربازی. ئەم کتێبە هاودەردی زۆرێك لە خوێنەرانی بەرامبەر بە ژنانی پۆلیس وروژاندووە، کە ناچارن بەکارکردنو پەیڕەویکردنی رێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی توندی ئاینی یاخود کۆمەڵایەتی.

کتێبی (عادەت دەکەین)، لەنووسینی (زویا پیزداد) یەکێکی دیکەیە لە کتێبە پڕفرۆشەکانی دیکەی ئێران لە ساڵەکانی دواییدا.

و: جەمال هەڵەبجەیی

## ئەلبیر کامۆ 1913-1960




**ژیان لە جەزائیر:**

هەرچەندە لە هەژارییەکی زۆر ناهەمواردا لەدایك بوو، بەڵام ئەلبێر کامۆ چانسی

وەرگرتنی لە زانكۆی lycee لە جەزائیر پێبڕا .كە دەتوانین بڵێن ئەم زانكۆیە كاریگەری گەورەی لەسەر ئەلبێر كامۆ هەبوو كە بتوانێت گرنگی زیاتر بە وەرزش و شانۆ بدات و لەو دوو بوارەدا بەتەواوی گەشە بەخۆی بدات. هەرچەندە لە ماوەی خوێندنی دا لە زانكۆ كامۆی نوسەر توشی نەخۆشی كۆشندە هات بەڵام نەخۆشی نەیتوانی كۆڵی پێبدات. زۆرترین لە بابەتەكانی كە كامۆ سەرگەمی نوسینی بوو تایبەت بوو بە هەژاری. لە دیارترین ئەو نوسینانەی لە جەزائیر نوسینی بریتی بوون لە(لایەنی هەڵە و لایەنی ڕاست 1937، هاوسەرگیری1938 ، هاوین 1954). لە ساڵی 1938 ئەلبیر كامۆ بوو بە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ڕۆژنامەی **Alger-Republican, an anticolonialist newspaper** كاری دەكرد. لەگەڵ كاری نوسینی ڕۆژانەیدا كامۆ چەندین ڕاپۆرتی لەبارەی هەژاری وڵاتە عەرەبییەكانەوە نوسی بە تایبەت لە هەرێمی **Kabyles**. ئەو ڕاپۆرتانە لە ساڵی 1958 بە تەواوی لە 3 بەرگدا بڵاو كرانەوە.

**ساڵەكانی جەنگ:**

وەك ڕۆژنامەنوسێكی خاوەن ئەزموون لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهاندا ئەلبێر كامۆ ڕووی كردە وڵاتی فەرەنسا. كامۆ زۆر بە جدی هەوڵی كاركردنی دەدا و وەكو سەرنوسەرێك پۆستی "**Parisian daily Combat**"ی داگیر كرد. كە بە شێوەیەكی كارا لە ساڵی 1943 دەركەوت. تا دوای تەواو بوونی جەنگ ئیتر ئەلبێر كامۆ وەك نوسەرێكی گەورە دەركەوت.

لە ماوەی جەنگەكەدا" واتە جەنگی جیهانی دووەم" كامۆ دەستی كرد بە بڵاوكردنەوەی كارەكانی كە زۆربەیان سەر بە ڕێبازی پوچگەرایabsurd بوون. بابەتەكانی لە بێئومێدی بەرامبەر بە جەنگ هەڵقوڵابوون كە پێی وابوو ژیان هیچە و مردن باڵا دەستە و تاك **individual** لە توانایدا نییە بە شێوەیەكی عەقڵانی دەسكاری جیهان بكات. لە كارەكانی كە زیاتر ڕۆمان بوون بریتی بوون لە ڕۆمانی بێگانە ***The Stranger*** 1942. بەڵام دیار ترین و نایابترین كاری كامۆ كە لە سەدەی 20دا دەنگ و سەدایەكی فراوانی دایەوە بریتی بوو لەو گوتارانەی كە لەبارەی پوچگەرییەوە دەینوسین لەوانە ئەفسانەی سیزیف ***The Myth of Sysiphysus 1942***، وە هەروەها دوو شانۆگەری تر بە ناوەكانی مەبەستی تورەبوون 1948 و ***Caligula*** 1948 لەو كارانەیدا كامۆ زۆر وریاییانە كەشفی نیهلیزمی سەردەمی دەكرد بە سۆزێكی زۆر فراوانەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە پوچگەرایی بە شاراوەیی مایەوە. لە تیۆری فەلسەفەی پوچگەرایی بە شێوەیەكی لۆجیكی سەبارەت بە بێ گرینگیدان و بی بەرپرسیاری یەوە دەدوا. كامۆ وەك داهێنەرێك لە نوسیندا هێندە ئەزموونی وەرگرتبوو تەنانەت لە داگیركردنی فەرەنسادا بە شێوەیەكی ئەخلاقی بێلایەنی نیشاندا. بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی وای لێكرد كە شاكارەكەی" چوارنامە بۆ هاوڕێ ئەڵمانییەكە 1945 چەندین گوتاری سیاسی تر بنوسێت لەوانە" بەرەنگاری ***Resistance*** ، یاخیبوون ***Rebellion*** ، مردن ***Death***" كە لە ساڵی 1960 كامۆ سەرگەرمی نوسینیان بوون.

**یاخی بوون:**

لەم بارەیەوە ئەلبیر كامۆ كەشفی چەمكی پوچگەرایی دەكات . لە ڕۆمانی نەخۆشی 1947 كامۆ ئەم ڕۆمانەی بە شێوەیەكی ڕەمز

ئامێز نوسیوە و باس لە سەروەری مرۆڤ دەکات سەبارەت بە مانەوەی لە دەسەڵاتدا. هەروەها یەك لە هەرە گوتارە بەناوبانگەکەی کامۆ گوتاری (یاخی)یە کە لە ساڵی 1951دا نوسیویەتی و ڕەخنە لە ڕێبازی موتڵەقگەرایی دەگرێت. ئەو لەو گوتارەیدا لەبارەی مەسیحیەت و بیری مارکزیمەوە دواوە. بەڵام ڕاستییەك لە سەرجەم نوسینەکانی کامۆدا بەدەردەکەوێت ئەویش گرنگیدانە بە مرۆڤایەتی humanity . ئەو زیاد لە پێویست لەسەر سروشتی مرۆڤ دەدوێت وەك ئەوەی بە مێژووی توندوتیژیدا تێدەپەڕێت. کامۆ لە گوتارەکانیدا زۆرجار لەگەڵ جان پۆل سارتەری فەرەنسی دا دەکەوتنە مشتومڕەوە.

کامۆ دوو شانۆگەری ڕەخنەیی نوسیوە کە بریتین لە: وڵاتێك لە گەمارۆ 1948 و تەنها بکوژەکە 1950. کامۆ وەك ڕۆمان لە شانۆگەریەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بووە. کامۆ سێیەمین ڕۆمانی خۆی لە ژێر ناونیشانی the fall لە ساڵی 1956 بڵاوکردۆتەوە، کە زۆرێك لە ڕەخنەگران ئەم ڕۆمانەیان خوێندەوە و پێیان وابووە کە بیری مەسیحی بەسەر ئەو ڕۆمانەدا زاڵە . هەروەها ئەلبێر کامۆ کۆمەڵە چیرۆکێکیشی کۆ کردۆتەوە و بڵاوی کردونەتەوە ، کۆمەڵە چیرۆکی مەنفا و پادشا لە ساڵی 1957بڵاوکراوەتەوە. دوای کۆچی دوایی کامۆ چەندین بابەتی تری بڵاوکراونەتەوە،لەوانە: مردنێکی دڵخۆش لە ساڵی 1971دا بڵاو کراوەتەوە و کۆکردنەوەی کۆی گوتارەکانی لە کتێبێکدا بەناوی نوسینە بەسودەکان لە ساڵی 1973دا بڵاو کراونەتەوە.

و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

فیستیڤاڵی سلێمانی بۆهونەری شانۆ

## کێ شایستەی خەڵاتە ؟؟




وەك نەریتی زۆرێك لە فیستیڤاڵە هونەرییەکانی ئێرە فیستیڤاڵی سلێمانی بۆهونەریی شانۆ بۆماوەی پێنج ڕۆژ لەکۆتایی مانگی یانزەدا لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو،لەم فیستیڤاڵەدا کە پێنج نمایش و دوکۆڕی شانۆی لەخۆگرتبوو،ئاستی بەرهەم و ڕێژەی بینەرو ئاستی ئەکتەرو دەرهێنەرەکان ،لەو فۆڕم و شێوازەدابون کە ڕەوتی شانۆلەم شارەدا هەیەتی، بەتایبەتی کەزۆجار باس لەوەدەکرێت

شانۆ لەکوردستان هەر قۆناغێك فۆڕمێکی هەیە ،ڕەنگە بۆئەم ڤیستیڤاڵەش ئەم دەستەواژەیە زۆر ڕاست بێت ،دیارە ئەمەش پەیوەستە بە تواناو لێهاتویی بەشداربوانی ڤیستیڤاڵ نەك بەڕێوبەرانی ڤیستیڤاڵ ،چونکە ئەوەی ئێمە لەم ڤیستیڤاڵەدا بینیمان لەزۆر ڤیستیڤاڵی شانۆیی تر لەڕوی ئیداریەوە باشتربوو،بەڵام لاوازی بەرهەم وتوانای ئەکتەرو دەرهێنەر ڕەنگە پەیوەست بێت بە خودی شانۆکارانەوە نەك پلان و کاری ڤیستیڤاڵ ...

دیارترین شتیش لەم ڤیستیڤاڵەدا قسەو باسی بەدوای خۆیدا هێنا دوشت بون زۆر جێگەی لەسەر وەستانن یەکەمیان: وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا فۆڕمی ئیشکردنی بەرهەمە شانۆییەکان بون ،بەتایبەتی قسەلەوەدەکرێت کەهەندێ جار شانۆخەریکەدەبێتە یەك شێوازو یەك فۆڕم ،لەو پێنج شانۆییەی پێشکەشکرا شانۆیی سەما ئامێزی (گەڕاندنەوەی دەمامکەکان) لە مەراسیمی کردنەوەی ڤیستیڤاڵدابوو نەچویە چوارچێوەی ڤیستیڤاڵ،واتە چوار شانۆگەری مایەوە ،لەو چوارە دوانیان لە ڕوی بابەت وتەکنیك و شێوازی کارکردنەوە لەو ئاڕاستە باوەدەچون کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن فۆڕمی ئیشکردنی (کۆڕی شانۆی با) شانۆیی (هەربەدەم ئەو وەنەوزەوە گیانم دەرچوو ،دەرهێنانی تواناغەنی،شانۆگەری کاتی هاتوە ،بێ دەرهێنەر بەڵام کاردۆ عەزیز و پێشڕەو حسێن چاودێرو داڕێژەری جوڵەکانی بون) زۆردەچنە ژێرئەو فۆڕمە ئیشکردنە کەباسمانکرد،ئەمە جگەلەوەی ئەم دوئیشەش زۆرلەیەکترەوە نزیکن لەڕوی بابەت،فۆڕم ،تەکنیك،نواندن....

هەرچەندە ئەم حاڵەتە گەرمترین باس و خواستی نێو ڤیستیڤاڵ بوو ،لەهەمانە کاتدا یەکێکە لەکێشە قوڵەکانی ئەمڕۆی بزوتنەوەی شانۆ کەپێویستە بەرپرسانی ڤیستیڤاڵ وشانۆکاران و ڕەخنەگرانی بواری شانۆ قسەی جدی لەسەربکەن،چونکە ئەم یەك شێوازویەك ڕیتمیە بە پلەی یەکەم زیان بە باری هونەریی شانۆدەگەیەنێت ئەوسا ڕەوتە هونەرییەکەش دوچاری وەستان دەکاتەوە و لەمپەردەبێت لەبەردەم پێشکەوتنی لەهەمو لایەنەکانەوە..

دوەمیان:خەڵاتی ڤیستیڤاڵ دیارە ئەمەش بوەتە نەرێتێك کە هەمو ڤیستیڤاڵێك لە مەراسیمی کۆتایی دابەشکردنی خەڵاتەکاندا هەرا دروست دەبێت لەنێوان بەرپرسانی ڤیستیڤاڵ و ستافە هونەرییەکاندا ،ئەم ساڵیش بۆدەربازبون لەو کێشانە پێش دەست پێکردنی ڤیستیڤاڵ بەچەند ڕۆژێك سەرپەرشتیاری ڤیستیڤاڵ ئەوەی ڕاگەیاند "کە ئەم ساڵ ئێمە وەك تایبەتمەندی ڤیستیڤاڵەکە تەنها خەڵات بە سێ ئەکتەری باشترین دەدەین لە ڤیستیڤاڵدا،ڤیستیڤاڵێکی تر ڕەنگە بیکەینە دەرهێنەرو ....هتد"

بەڵام لەمەراسیمەکەدا کە ناوەکان خوێنرایەوە کە هەرسێ ئەکتەری لاو"کاردۆ عەزیز،ئاریان عومەر،نەهرۆمحەمەد" خەڵاتیان پێبەخشرا،ڕاستەوخۆ وەك نەرێتە باوەکانی تری ڤیستیڤاڵ دەسکرایەوە بەڕەخنەو توانج گرتنە ئەم ڤیستیڤاڵە هەروەك ئەو دانیشتنە ڕەخنەییەی کە ڕۆژی 12/2لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی بۆبەرهەمەکان سازکران ،زۆربەی ئەکتەرەو کاستە شانۆییەکانی تر بەغەدریان دەزانی کە خەڵاتیان وەرنەگرتوەو پێیان وابوو شایستەی خەڵاتن !!

ئا: دڵشاد کەمال

# کورد و مەڵبەندی شانۆی جیهانی

زۆر جار له گفتوگۆو دیداره هونەرییەکاندا باس لەوه دەکرێت که تاچەند پێویسته لایەنه هونەرییەکوردیەکان ببنه ئەندام لەڕێکخراوه جیهانیەکان ،بەتایبەتیش ماوەیەکه قسەباسی هەمەلایەنه لەسه ربونه ئەندامی شانۆکارانی کورد دەکرێت له مەڵبەندی شانۆی جیهانی لەپاریس..

ئەم مەڵبەندەشانۆییه مەڵبەندێکی ناحکومی جیهانیه وئیش بۆ بەجیهانیکردنی هونەری شانۆدەکات له نێوەندێکی بەرفراواندا و کورتکراوەی ئەم مەڵبەندەش به ( i.t. I) دێت..

لەو چوارچێوەیەشداو لەپەراوێزی ڤیستیڤاڵی سالارله سلێمانی و ڕۆژی 11/13لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی کۆڕێك بۆ هەردو هونەرمەند "هۆڕێن غەریب و ئەحمەدسالار "سەبارەت به بونه ئەندامی شانۆکاری کوردلەو مەڵبەنده جیهانیەدا سازکرا، دیاره ئەو دوکەسه وەك دوهەوڵی جیاواز ئیشیان بۆئەوه کردوه که شانۆکاری کورد ببێته ئەندامی ئەو مەڵبەنده،یەکەمیان لەدوای سەفەرکردنیەوه بۆپاریس ولەڕێگەی کۆڕی (شانۆی با ) وه و دوەمیشیان لەڕێگەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانەوه ،هەڵبژاردنی ئەم کۆڕو بابەته گفتوگۆیەکی درێژ بەدوای خۆیدا هێنا ،چونکه ماوەی چەندساڵێکه دوئاڕاستەی جیاوازهەیه بۆوەرگرتنی شانۆکارانی کورد لەو مەڵبەنده جیهانیه ،بۆیه ئەو کۆڕەش دەرگای گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەی خستەڕوو که خۆشبەختانه چەند پێشنیارو سەرنجێکی گرنگی بەدوای خۆیدا هێنا ..

هەرلەسەرەتای کۆڕەکەوه هەندێ شانۆکار پێیان وابوو پێویستەپەله بکرێت بۆئەوەی شانۆکارانی کورد ببنه ئەندام لەو مەڵبەنده جیهانیەی شانۆدا ، بەو دیدەی که بونه بەئەندام زۆرگرفتی شانۆ له کوردستان چارەسەردەبێت، پێچەوانەی ئەم دیدەش پێی وایه نەك بونه ئەندام بەڵکو حکومەتی کوردستانیش وەزارەتێك بەناوی شانۆوه دروست بکات هیچ گرفتێکی شانۆلێره چارەسەرنابێت گەر لەئەساسەوه شانۆو شانۆکار هەوڵی گۆڕان و جدیەت نەدات ،چونکه بونه بەئەندام وەك هۆڕێن غەریب دەڵێت "تەنها دەسکەوتێکی مەعنەویەو هیچی تر ،چونکه لەو مەڵبەندەدا هەمو کارێك خۆبەخشانەیەو پێویسته هەمو وڵاتێك یەك کەس نوێنەرایەتی بکات،کەرەنگه گرفت لێره لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد دروست بێت...

گرفتی بونە ئەندامی شانۆکاری کورد لەو مەڵبەندە جیهانیە تاڕادەیەك و لای هەندێك کەس بوتە دیدێکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی،بەبڕوای من ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە ،چونکە گوتاری شانۆ بەدەرە لەدیدە نەتەوەییەکان، بەڵکو شانۆ گوتارێکی ئینسانی و جیهانی هەیە...

د.فازل خەلیل کە یەکێکە لەشانۆدیارەکانی شانۆی عێراقی و ساڵانێکی زۆر مامۆستای ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد بوە، پێی وایە شانۆکارانی کورد هێندەی خۆیان بە بونە ئەندام لەو مەڵبەندە سەرقاڵ دەکەن ،ئەمەندەش بیرلەوە بکەنەوە لەناوخۆدا شانۆکەیان چالاك بکەن ،چونکە ئێمە لە بەغداد ساڵانێکی زۆرە ئەندامی ئەو مەڵبەندە شانۆییە جیهانیەن تاهەنوکە هیچ سودێکی بەشانۆی عێراقی نەگەیاندوە، بەڵکو تەنها ناوێکەو هیچی تر..

هیوا فایەق لەکۆڕەکە چ لەبارەی ڤیستیڤاڵی سالار چ لەبارەی بونە ئەندام لەو مەڵبەندەدا تێڕوانینی تایبەتی هەبوو، هیوا پێ لەسەرئەوە دادەگرێت کە ئەم کارانە خۆخەریك کردنە بە کۆمەڵێك شتی لابەلاو شتی لەمە گرنگترهەیە کە ئێمە لەناوخۆماندایەو هیچی لەبارەوە ناڵێین ،ئەو دەڵێت" باشە کورد ببێتە ئەندام لەو مەڵبەندە شانۆییەدا، بەڵام ئێمە جارێك با قسە لەسەر نێوەندی ناوخۆیمان بکەین، چونکە ئەم ڤیستیڤاڵە بۆ شانۆکارو مامۆستایەکی بەئەزمونی سازکراوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە لەم ڤیستیڤاڵەی بکەین ئایا ئەو چی هەیە لەبارەی ئەو کێشانەی لەئەمڕۆو لە ئێستادا ڕوبەڕوی هونەرمەندانی کورد دەبێتەوە؟؟

ئا: جەمال ئەحمەد جەمیل




## جەنگ و لەدەستدانی ڕەنگەکان لەدواپێشانگەی باسم ڕەسام

دوای بینینی تابلۆی نێو پێشانگەکەی باسم ڕەسام بینەر هەست بەجۆرێك بەبەرکەوتن دەکات بەرامبەر مێژویەك کەڕەنگە کەم کەس سەرەتاکانی بزانێت،ئەمە جگە لەخولقاندنی بەسەرهات وچیرۆکی نێو کتێبەمێژوییەکانی بابلی و سۆمەرییەکان ،ڕەگی ئەم مێژویەش لەنێو فیگەرو بابەت و داڕشتنی نێو تابلۆکانی ئەودا دیارە ،چونکە بەدەر لەبابەت و تەکنیك و ڕەنگ ،فۆرمی کارکردنی ئەم هونەرمەندە شێوازێك لە تایبەتمەندیەتی تێدایە کەئەم هونەرمەندە جیادەکاتەوە لەهونەرمەندانی تر..

دوائەزمونی باسم ڕەسامیش ڕۆژی 12/1 لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بینیمان، کە پرۆسەی خولقاندنی تابلۆکانی شێوازێك لە ڕەسانایەتی ڕۆژهەلاتی پێوەدیارە..

ئەو بەدەر لەکاری وێنەکێشان لەبواری دیزاین ونەخشەسازیدا یەکێکە لەهونەرمەندە دیارەکانی ئەو بوارە لەچەندین نێوەندی ئیعلامی و ڕۆژنامەنوسیدا لەوڵاتی ئێران کاردەکات و لەوبوارەدا کارەکانی جێگەی ئاماژەبۆکردنن،لەم هەوڵەشی بەئاڕاستەیەك کاری کردوە بەدەرلە ونکردنی بابەت و دیارنەبونی سکێچی گشتی پرۆسەی بەهونەرمەندبون،بەڵکو ئەو دەیەوێت بەهۆی تابلۆکانەوە مێژوی شەڕەماڵوێرانکاریەکانی ڕۆژهەڵات بخاتەڕوو، لەوێشەوە پێگەی ڕەنگ و نیگەرانیەکان وەك خۆی بخاتەڕوو لەپەڕەگرافێکیدا دەڵێت: شێوەکاری خیانەتکاری شەڕێکە، چونکە لەوکاتەدا جگە لەبیرکردنەوە لە لەدەستدانی ڕەنگەکان هیچ شتێکی تر نیگەرانی ناکات، شەڕ پەیژەیەکی بەرزە که بەسەر پلەکانیەوە تەنها دەتوانێت جێگایەکی خلیسکاوببینێ...


تابلۆی باسم ڕەسام

باسم یەکێکە لەهونەرمەندە دیارەکانی ئەمڕۆی نێوەندی هونەری شێوەکاری کە ساڵانێکە لە وڵاتی ئێران دەژی ، پێشتر لە بەغداد دەژیا بەڵام ئەمیش وەك زۆرێك لە هاوڵاتیانی تری فەیلی بەزۆرە ملیّ ڕژێمی بەعس لە عێراق دەریکردن وبەناچار لەئێران نیشتەجیّ بوو...

ئا: ئاینده


تارا جاف

## مۆزیك و تابلۆ لەکارێکی هاوبەشی تارا جاف و ئیسماعیل خەیات دا

پەیوەندی نێوان مۆزیك و ڕەنگ پەیوەندیەکی ویژدانی و توندو تۆڵە،بەجۆرێك زۆرجار هارمۆنیەتی ڕەنگ و مۆزیك ڕیتمێکی نویّ دەبەخشێتە بینەری تابلۆ،ئیسماعیل خەیات بە تابلۆی دەمامکەکانی و تاراجاف بەئامێری هاربەکەی سروتێکی تایبەتیان لەنمایشکردنی ئیرتیجال دروستکردبوو،ئەو سروتەش کاتێك دروست بوو کە تاراجاف بەبیّ هیچ خۆئامادەکردنێکی پێش وەخت بە ئامێرەکەی دەستی ئاوازی بۆئەو تابلۆیانە لێدەدا کە خەیات وەك نوێترین ئەزمونی هونەریی خۆی بەئامێری سینەما ڤیژن تابلۆی

دەمامکەکانی نمایش دەکرد،لەبینینی پرۆژەکەدا بینەر هەستی دەکرد چرکەساتی داهێنانی ئەم کارە لەو ساتەدا لەدایك دەبێت کە بینەرلەناو هۆڵەکەدا لە تابلۆکان ڕادەمێنێت وگوێ بۆئامێری هاربەکە شل دەکات ،ئەمەش بویە پرسیاری ئێمە کە ئاخۆ ئەم کارە بە بەرنامە ڕێژی نمایش دەکرێت یان فۆڕمێکە لەکارێکی ساتەوەختی و عەفەوی؟؟

ئیسماعیل خەیات دەڵێت" بەڵێ ماوەیەك لەمەوبەر لە لەندەن هەمان پرۆژەمان پێشکەشکرد ،خۆشبەختانە بینەرێکی زۆری کوردو بیانی ئەم کارە هاوبەشەی ئێمەیان بینی ،بەڵام بۆهەلێك دەگەڕام کەئەو ئەزمونە لێرەو لەکوردستان نمایش بکەین،ئەو هەلەش ئەمڕۆبوو 11/13 ئەوەی دڵخۆشم دەکات ئەمڕۆدەبینم زۆرکەس چ بینەری ئاسایی چ ڕۆژنامەنوس و هونەرمەندان پرۆژەکەیان زۆربەدڵە ئەمەش بۆمن جێگەی گرنگی و بایەخە..

لەناو ئەو هەمو هونەرمەندە مۆزیکیەدا بۆچی تارا جافت هەڵبژارد بۆکاری هونەریی ؟؟

ئەمەزیاتر پەیوەندی هەیە بە ستایل و فۆڕمی ئەو ئامێرو تایبەتمەندیەی کەلای تاراجاف هەیە،ئەو ئامێرێك ئەژەنێت کەم هونەرمەندی کورد دەتوانێت بیژەنێت،ئەمە جگە لەو قوڵی و هونەرە تایبەتەی کە لەژەنینی ئەمداهەیەو هەست دەکەم زۆرلەڕۆحی کارەکانمەوە نزیکە،ئەمەش بویەهۆی ئەوەی ئەم ئێوارەیە من و تاراجاف لەم پرۆژەهونەرییەدا کۆبینەوە...

تاراجافیش سەبارەت بەو ئێوارە وتی " ئەم ئێوارەیە من و یەکێك لەهونەرمەندە شێوەکارە دیارەکانی کورد پێکەوە هەوڵێکمان دا بۆئەوەی گوزارشت لە شتێك بکەین ،ئەوشتەش کێشەیەکی گەورەی ئینسانیە کە هەمو میلەتی کوردپێویستە ئیشی لەسەربکات،کەکێشەی ئەنفالە ،ئەو تابلۆیانەی کەئەم ئێوارەیە من بەهاربەکەم مۆزیکام بۆلێدان ئەو تابلۆیانە چیرۆك و بەسەرهاتی داستانێکی زۆرغەمگینی کورد باس دەکەن کە لای خۆمان بەئەنفال ناودەبرێت ، بۆمن گرنگە مۆزیك بۆئەو فیگەرو ڕوخسارانەبژەنم کە مامۆستا ئیسماعیل خەیات داستانی ئەنفالی دەگێڕێتەوە، ڕوخساری تابلۆکانی ئەو ئەو مرۆڤانەن کەلەگەرمیان و بادینان ئەنفالکران،ئەو بە ڕەنگ و تابلۆ منیش بەئامێرە مۆزیکیەکەم توانیمان ڕەنگ و مۆزیك لێکبدەین بۆئەوەی گوزارشت لە ئەنفال بکەین،پێم وابێت ئەم هەوڵەش لەم ئێوارەیەدا تاڕادەیەکی باش کاری لەو بینەرەکردبوو کەلەهۆڵەکەدا دانیشتبون و بە عیشقێکی زۆرەوە تامەزرۆی ئەم پرۆژەیەی من و ئیسماعیل خەیات بون..

دەمامکەکانی ئیسماعیل خەیات فۆڕمێکی نوێی کارکردنی ئەم هونەرمەندەیە کە ماوەیەکە ئیشی لەسەردەکات و وەك خۆی دەڵێت بیرۆکەکەی لە ڕوخسارەکانی ئەنفالەوە وەرگرتوە، تائێستاش دەمامکەکانی خەیات لە چەندین وڵاتدا نمایشکراون و لەچەندین مۆزەخانەی نێودەوڵەتیشدا خراوەتەڕوو، هەر ئێستاش هاوکات لەگەڵ ئەونمایشەی لەگەڵ تاراجاف لەسلێمانی لەیەکێك لەمۆزەخانەکانی نیۆرك ئەم تابلۆیانەی خەیات نمایشدەکرێن..

ئا: ئایندە

# پێڵاوەکانی شەهید
# دوا پڕۆژەی مەدحەت کاکەیی



مەدحەت کاکەیی هونەرمەندێکی دیارەو بەردەوام بەفۆڕم و ڕیتمێکی جیاواز کاری هونەریی دەکات،لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەکارو چالاکیدایە،دوائەزمون وپێشانگەی ئەم هونەرمەندە لە وڵاتی سوید ئەنجامدرا ،پێشانگەکەش لەهۆڵی (کۆنست ئەکادیمی ) بوو ،لەپێشانگەیەدا جگەلەوەی کۆمەڵێك بینەری ئەوروپی و کورد تابلۆکانی کاکەییان بینی ،لەهەمان کاتدا ئیشەکانی جێگەی سەرنجی ڕۆژنامەو ڕەخنەگرانی بواری هونەریی بون لەو وڵاتەدا ...

ئەم پێشانگەیەی هونەرمەند لە ڕۆژنامەی (سیفینسکا) بەگرنگیەوە بایەخی پێدرا،ئەم ڕۆژنامەیە یەکێکە لەڕۆژنامە گرنگەکانی وڵاتی سوید،ئەمە جگە لە ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی وەك (پیتەر کۆرنێل) کارەکانی هونەرمەندی بەگرنگ باسکردوو جێگەی بایەخی ئەو بون..

لەبارەی ئەم پێشانگەیەوە مەدحەت کاکەیی ئەوەی ڕاگەیاند کە " ئەم پێشانگەیە یەکێکە لەو هەوڵانەم کە یەکەم جارە بەو شێوەیە گرنگی بە کردنەوەی پێشانگەی من بدرێت لەوڵاتی سوید ،کارەکان دابەش بون بەسەر سێ هۆڵدا ،کەئیشەکۆنەکانم لەساڵی 1975 ەوە لەهۆڵی تایبەتدا نمایشکرابون ،لەگەڵ سێ وێنەی تر کە لە کەلاوەکانی هەڵەبجە لەساڵی 1994 کێشابونم ،لەگەڵ چەندین دیکۆمێنت لەسەر ئاوارەکانی کەرکوك وگەرمیان لەگەڵ پێڵاوی شەهید،کەڕەنگە ئەمەیان بۆمن جێگەی گرنگ و بایەخ پێدان بێت ...

ئەم پێشانگەیەش لەڕۆژی 14 ئۆکتۆبەر بۆ 12ی نۆڤەمبەر بەردەوام بوو..

**ئا: پاسار**

# کاتێ دیالۆگ بەخامۆشی ئەدوێت

لەمیانەی ئەو چالاکیە هونەرییانەی کە لە سلێمانی پێشکەشدەکرێت هەوڵ و هەنگاوی هەمەلایەنانە هەیە بۆ ئەوەی گوڕێکی تر بدرێتەوە بە ئەزمونە شانۆییەکان، لەوبوارەشدا هونەرمەندی شێوەکار سەیوان سەعیدیان پڕۆژەیەکی هونەری نوێی خستە بەردیدی جەماوەرو لەنێوان 23بۆ 2006/11/25 دا بەناوی "دیالۆگ" لەهۆڵی ئەمەنەسورەکە نمایشکرا..




دەلیلی پرۆژی هونەرییەکە

ئەم پرۆژەیە کارێکی شێوەکاری بوو ،بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر لەو فۆرمەی کە تابلۆکان هەڵئەواسرێن . ئەم پرۆژەیە دیالۆگێکی بێدەنگ بوو بە شێوەی "پانتۆمایم" ی زیندوو خۆی ئەنواند .دیالۆگ بوو لەنێوان دەسەلاَت و دەسەلاَتدا،دیالۆگی رۆشنبیربوو لەگەڵ کەسێتی ژندا .. ..

دیالۆگ لەنێوان دەسەلاَت بۆ کەسێتی ژن بەهەردوو رووکەیەوە رەهەندە رووکەشەکەی کەژن بەلایەوە بەرێزەو ئەبێت رێزی مافی بگیرێت .رووە شاراوەکەی کەژن وەك جەستەوە سێکس لێی دەروانرێت ،لەهەمان کاتدا روانگەی رۆشنبیران بۆ ژن هەمان شێوە دوالیزمەی دەسەلاَتە ئەویان وەك رووکەش بەلای رۆشنبیرانەوە بەرێزە و مافی بوونی هەیە .رووە شاراوەکەشی بەهەمان شێوەی دەسەلاَت بۆجەستەو سێکسە .. لەکۆتایشدا هەرسێ چوارلایان بەهۆی هەندێ پێداویستی و غەریزەی دونیاییەوە بارستایی خۆیان بەنهێنی لەدەست ئەدەن ..

ئاوارە خان .. بەهزاد جەلال ..شەماڵ ئیبراهیم .. رێبوار حەمەسایر .

بەرجەستەی حاڵەتەکانی دیالۆگیان دەکردو بەنواندنی بێدەنگی و (بانتۆ مایمی ) توانیان هزروبیرۆکەی دیالۆگ بدەن بەدەستەوە ..

ئا: شەماڵ ئیبراهیم

## کامەران رەئووف لە پرۆژەی (دەرگا)دا


کامەران رەئوف

کامەران رەئووف-ی شانۆکار لە ساڵانی رابردوودا تا ئێستاش بە یەکێك لە شانۆکارە دیارو زیندووەکانی ناو شانۆی کوردی دەستنیشان دەکرێت، ئەویش سەبارەت بەو هەموو کارو پرۆژە سەرکەوتووانەی کە چ لە بواری شانۆدا هەیبووە یاخود لە بواری سینەمادا. پاش ئەوەی ساڵی (1998) چووە دەرەوەی وڵات و ئێستاش کە لە وڵاتی

(هۆڵەندا)یە، چەندین پرۆژەو کاری تری هونەریی ئەنجامداوە. هەروەکو خۆی دەڵێ: (من لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدابم بەردەوام بەردەوام کاری هونەریی خۆم دەکەم).

بۆیە وەك دەبینرێ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی لە ئەوروپا بووە بەردەوام بووە لە کاروچالاکی و بەشداریی چەندین فێستیڤاڵی کردووە. هەر لە ماوەی ئەو کاروچالاکییانەیدا پاش نمایشکردنی (بیرەوەرییەکان) کە یەکێك بووە لەو شانۆییانەی ناوبانگی باشی کامەرانی بڵاوکردەوەو چەندین رێکخراوی حکومی و ناحکومیی هۆڵەندی یارمەتییان داو لەو کاتەدا لەگەڵ چەندین شانۆکاری تری کورددا گرووپی شانۆی (ئەرك)یان دروست کرد.

هەر ئەم گرووپەو لەگەڵ چەند شانۆکارێکی تری هۆڵەندیدا بەردەوامن لە کاروچالاکی. دواهەمین پرۆژەی گرووپی شانۆی (ئەرك) شانۆیی (دەرگا)ی (یوسف الصائغ)ە، کە ئەم شانۆییە وەرگیراوە لە داستانی (الف الیلە واللیلە). کامەران رەئووف هەڵساوە بە کاری ئامادەکردن و دەرهێنانی و هەریەك لە هونەرمەندان (شەماڵی عەبە رەش و شادان فوئادو سیروان جەمال) و چەند هونەرمەندێکی تر رۆڵی تێدا دەبینن و بەهەردوو زمانی کوردی و هۆڵەندی پێشکەشی دەکەن، کە بەنیازن لە مانگی (2 یان 3)ی ساڵی ئایندەدا لە وڵاتی هۆڵەندادا نمایشی بکەن و پاشان لە چەند وڵاتێکی ترو ئەگەر توانرا بەهاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازن هەمان نمایش لە کوردستانیش نمایش بکەن.

لە کارۆ گۆرانەوە

# کارنامەی دەرچونی

## پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی

پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، وەك نەریتێکی ساڵانەی خوێندکارانی قۆناغی پێنجەم، کە دواهەمین قۆناغیانە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەر خوێندکارەو بەرهەمێکی وەك کارنامەی دەرچوون ئامادە دەکات، لە هەرسێ بوارەکەدا شانۆو شێوەکاری و میوزیکدا. ئەمساڵ بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە (2006/11/14)ەوە دەستی کرد بە نمایشکردنی شانۆییەکانی، کە خوێندکاران بەرهەمیان هێنابوون. بێگومان هەر خوێندکارەی بە ڕێبازێکی جیاواز کاریان لە شانۆییەکاندا کردبوو، ئەکرێ ئەوەش بڵێین جیاوازیی کارکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی خوێندنی پێنج ساڵیان لەبواری شانۆدا، کە ئەمەش زۆرجار پەیوەستە بە شێوازی وتنەوەی وانەکانەوە لای مامۆستا جیاوازەکانیان یاخود گەڕانی ئەو خوێندکارە بەشوێن زانستی شانۆی زیاتردا. رۆژی سێشەممە 2006/11/14 شانۆیی (پیاوێك خۆی بەبارمەتە دانا) نمایشکرا، ئەم شانۆییە لە نووسینی (مەهدی سەماوی) و دەرهێنانی (ئاری عیزەدین) و

نواندنی هەریەك لە خوێندكاران (زریان جەمال- نەوشیروان غەریب- سەركۆ عارف).

رۆژی پێنجشەممە 2006/11/16 شانۆیی (كێ تاوانبارە؟) نووسینی (عەبدوڵلا سەراج) دەرهێنانی (رۆژگار عەلی كەریم) و نواندنی (ئاری ساڵح- دێرین عومەر- دانا عەلی) و رۆژی یەكشەممە 11/19 شانۆیی (دووبرا) نووسینی (میخائیل لیرمەنتۆڤ) دەرهێنانی (بورهان محێدین حەمە) نواندنی (یەحیا ئەمین- كانیا و یاسین- كاروان مەحمود- دیار جەمال- هەڵشۆ عوسمان)نمایشكران.

رۆژی سێشەممە 11/21 شانۆیی (خوازبێنی) نووسینی (چیخۆف) و دەرهێنانی (ئالان نەجات شەریف) و نواندنی (زەریا سامی- رەوەند تەها- سەرگوڵ نەجم)نمایشكرا.

رۆژی پێنجشەممە شانۆیی (رێسا و لەرێسا بەدەر) نووسینی (برتولد برێخت) و دەرهێنانی (زانا حەمە حەمەئەمین) و نواندنی (هەرێم عوسمان- رێكەوت یوسف- محەمەد عارف)نمایشكرا.

رۆژی یەكشەممە شانۆیی (گۆدۆ لێرەیە) لە نووسینی (مرهق حافز دویدری) و دەرهێنانی (رێبین مەحمود محەمەد) و نواندنی (گۆران نامق- هەردی حسێن- هاوكار ساڵح) و رۆژی سێشەممە شانۆیی (كراسی پیاوێكی بەختەوەر) نووسینی (پیر فۆری) و دەرهێنانی (چیا كەریم مستەفا) و نواندنی (سەرخێڵ حامید- سەرخێڵ ئومێد- ئاوات عەبدوڵلا- برپیار بەهجەت) و چەند ئەكتەرێكی تر نمایشكران.

رۆژی شەممە شانۆیی (بێهۆش) نووسینی (لۆدفیك هۆڵبێرگ) و دەرهێنانی (شاخەوان حامید) و نواندنی (سامان سەباح- رەوەند قادر- هیوا ئەمین- ئاڤان غولام- پۆشیا محەمەد) و چەند ئەكتەرێكی تر نمایشكرا.

شایەنی وتنە سەرجەم بەرهەمە شانۆییەكان لەسەر هۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان، سەعات (12)ی نیوەڕۆ نمایشكران.

**بەبینینی گشتی نمایشەكان چەندین سەرنجمان لادروست دەبێت ،دیارترین ئەو سەرنجانە ئاستی هونەریی بەرهەمەكان و شێوازی هەڵبژاردنی بابەتە بۆنمایشكردن،ئەم نمایشانەی كە من بینیم زۆربەیان فۆڕمێكی گاڵتەئامێزیان پێوە دیاربوو،گاڵتەجاڕییەك ڕەنگە لای ئەوان كۆمیدی بێت،هەركامێكیان بێت ڕەنگە بۆ قوتابییانی دەرهێنان گرفت بێت،كەئەوان لەقۆناغی ئەزمون كردندان و پێویستە بەفۆڕمێكی وا كاربكەن كە بتوانن ئاستی ڕێچكەو شێوازی هونەریی خۆیان بونیاد بنێن،بەلام لە وەرزی ئەم ساڵدا بەرهەمەكان لەو ئاستەدا نەبون و ئەمە پێویستە ببێتە سەرەتایەك بۆئەوەی ئەو نێوەندە ئەكادیمیە هونەرییە بەشێوازی كارنامەو بەرهەمە شانۆییەكانی قوتابیاندا بچنەوە..**

**گۆران عەلی**

# دڵشاد عەبدوڵڵا

# سەرنوسەری ئاینده خەڵاتی

# دەزگای (ئاراس) بۆ کتێب وەردەگرێت

وەك نەریتێکی ساڵانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵیادی دامەزراندنیدا، خەڵاتی داهێنان دەبەخشێت بە پێنج نوسەر، کە کتێبیان لەو دەزگایە چاپکردووە، لە دوو ساڵی ڕابردووشدا چەندین نوسەر لە بوارە جیاوازەکاندا (خەڵاتی کتێب) یان وەرگرتووە، دیارترین ئەو ناوانەش کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا خەڵاتیان پێبەخشراوە، بریتیبوون لە: (د.مارف خەزنەدار، فەلەکەدین کاکەیی، قوتبەدین سادقی، عەتا نەهایی، منزر فەزل، جەمال ڕەشید)....

ئەمساڵیش لەسەرەتای مانگی دوانزەداو لەکاتی ڕێو ڕەسمی کردنەوەی باڵەخانەی نوێی (دەزگای ئاراس)دا، خەڵاتی کتێب لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە بەخشرا بەنوسەران:

(محەمەد ئۆزون، محەمەد عومەر سوڵتانی، ئەحمەد تاقانە، دڵشاد عەبدوڵڵا، نیگار نادر، خوسرەو جاف).

سەبارەت بە شێوازو جۆری دابەشکردنی خەڵاتەکان (بەدران ئەحمەد حەبیب) سەرۆکی دەزگاکە ئەوەی ڕاگەیاند کە"بۆخەڵاتکردنی ئەو 6کەسەی کە خەڵاتکراون دەزگای ئاراس چەند پێوەرێکی داناوە، لەوانە پێویستە نوسەرەکە کتێبی لە دەزگای ئاراس چاپکردبێت،لەژیاندا مابێت،ڕەنگە ئەمەش دوا کەسان نەبن ئەو خەڵاتە وەربگرن و ساڵانی داهاتوش چەندین نوسەری تریش خەڵاتی ئاراسیان پێبدرێت..

هەروەهائەوەشی ڕاگەیاند کە ئاراس لەماوەی ڕابردودا بەسێ ڕۆژ جارێك کتێبێکیان چاپکردوە ، کەساڵانە دەکاتە 120کتێب و بەرنامەشیان هەیە هەر لەمەو دوا بتوانن هەمو ڕۆژێك کتێبێك چاپ بکەن..

**پەیامنێری ئاینده**



ئەو شەش نووسەرەی خەڵاتی (ئاراس)یان وەرگرت لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دا